

# مریشك و هەزارپێ




Winny Asara
Magriet Brink
Agri Afshin


kurdiska (sorani)

nivå 3



مریشك و هەزارپێ هاورێ بوون، بەڵام هەمیشە حەزیان لێ بوو پێکەوە پێشبڕکێ بکەن. ڕۆژێك پێکەوە یاری تۆپی پێیان کرد بۆ ئەوەی بزانن کامیان باشترین یاریزانە.



پێکەوە چوونە گۆڕەپانی تۆپی پێ و یارییەکەیان دەست پێ کرد. مریشك خێرا بوو، بەڵام هەزارپێ خێراتر بوو. مریشك شەقی لە تۆپەکەی دا و بۆ دوور رۆیشت بەڵام تۆپەکە بە شەقی هەزار پێکە دوورتری رۆیشت. مریشك هەتا دەهات تورەتر و تورەتر دەبوو.




ئەوان بڕیاریان دا کە یارییەکی پەناڵتی جەزا لێدان بکەن. یەکەم جار هەزارپێ گۆڵچی بوو. مریشك تەنیا گۆڵێکی کرد. دواتر نۆرەی مریشك بوو کە گۆڵچی بێ.



هەزارپێ شووتێکی لێدا و گۆڵی کرد. هەزارپێ دریبلێکی کرد و گۆڵی کرد. هەزارپێ بە سەر گۆڵێکی کرد. هەزارپێ پێنج گۆڵی کرد.



مریشکەکە لەبەر ئەوەی دۆڕاندبووی، زۆر تووڕە بوو. ئەو زۆر خراپی دۆڕاندبوو. هەزارپێ دەستی بە پێکەنین کرد، چونکە هاوڕێکەی گوڕە گوڕی دەکرد.




مریشك زۆر تووڕە بوو دەنووكی كردەوە و هەزراپێیەكەی قووت دا.



کاتێك مریشك دەچووەوە ماڵێ، چاوی بە دایکی هەزارپێ کەوت. دایکی هەزارپێ لێی پرسی: "منداڵەکەی منت نەدیوە؟" مریشك هیچی نەگوت. دایکی هەزارپێش نیگەران بوو.




پاشان دایکی هەزارپێ گوێی لە دەنگێکی لاواز بوو کە دەیگوت: “دایە یارمەتیم بدە!” دایکی هەزارپێ چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و بە باشی گوێی بۆ دەنگەکە راگرت. دەنگەکە لە ناو مریشکەکەوە دەهات.



دایکی هەزارپێ هاواری کرد: "رۆڵە ئەو فێڵەی بە کار بێنە کە دەتوانی!" هەزارپێ دەتوانێ بۆنێکی ناخۆش و تامێکی ناخۆش دروست بکات. مریشك هەستی بە تێک چوون کرد.



مریشك ئەرشایەوە. تفی قوتدەدایەوەو فرێی دەدایەوە. دەپشمی و دەكۆخی. دوایی ئەڕشایەوە. هەزارپێیەكە زۆر قێزەون بوو.



مریشك ئەوەندە كۆخی تا رشایەوە و هەزارپێی لە ناو سكی فڕێدایە دەرێ. دایكی هەزارپێ و منداڵەكەی چوونە سەر دارێكی بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە.



لەوکاتەوە تا ئێستا مریشکەکان و هەزارپێیەکان بوونەتە دوژمنی یەکتر.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## مریشك و هەزارپێ


Skriven av: Winny Asara
Illustrerad av: Magriet Brink
Översatt av: Agri Afshin


Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på mange språk som talas i Sverige.


Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.